# هەر منداڵێک لە نەوەی ئادەم لەدایک دەبێت؛ شەیتان لە تەنیشتیەوە ئازاری دەکات، بۆیە ئەویش (منداڵەکە) دەست دەکات بە گریان بە دەنگی بەرز بەهۆی ئەو ئازارەی شەیتانەوە، جگە لە مەریەم وکوڕەکەی نەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە دەیفەرموو: «هەر منداڵێک لە نەوەی ئادەم لەدایک دەبێت؛ شەیتان لە تەنیشتیەوە ئازاری دەکات، بۆیە ئەویش (منداڵەکە) دەست دەکات بە گریان بە دەنگی بەرز بەهۆی ئەو ئازارەی شەیتانەوە، جگە لە مەریەم وکوڕەکەی نەبێت»، پاشان ئەبو هورەیرە -ئەم ئایەتەی خوێندەوە- : {وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ} [آل عمران: 36] واتە: {وە من پەنا بە تۆ دەگرم کە خۆی و نەوەکانی بپارێزیت لە شەیتانی نەفرینلێکراو}.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەر منداڵێک لەدایک دەبێت؛ شەیتان لە تەنیشتیەوە ئازاری دەدات، بۆیە منداڵەکە دەست دەکات بە گریان بە دەنگی بەرز ڕاستەوخۆ پاش لەدایکبوون بەهۆی ئەو ئازاردانەی شەیتانەوە، جگە لە مەریەم وعیسای کوری نەبێت -عيلهما السلام-، خوای گەورە ئەوانی پاراست لەم ئازاردانەی شەیتان لە پاش لەدایکبوون ئەمیش بەهۆی نزای دایکی مەریەمەوە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە: {فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّى وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۖ وَإِنِّى سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ} [آل عمران: 36] واتە: {جا کاتێک (دایکی مەریەم) کە سکەکەی دانا ووتی: ئەی پەروەردگارم خۆ من کچم بوو بەڕاستی خوا زاناترە بەوەی کە بوویەتی کوڕیش وەک کچ نیە (مەبەست لەوەیە لەو کاتەدا کوڕان دەکران بە نەزر بۆ خزمەتکردنی -بيت المقدس:بەیت ئەلمەقدیس-) وە بێگومان منیش ناوم نا مەریەم وە من پەنا بە تۆ دەگرم کە خۆی و نەوەکانی بپارێزیت لە شەیتانی نەفرینلێکراو}، خوای گەورە وەڵامی نزاکەی دایکی مەریەمی دایەوە، بۆیە مەریەم کوڕەکەی پاراست لەم ئازاردانەی شەیتانی نەفرینلێکراو و دوورخراو لە ڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ومەریەم یەک منداڵی بوو ئەمیش تەنها عیسا بوو -علیه السلام-، وئەم ئازاردانەی شەیتان هەقیقەت وڕاستیە، مانای ئەوە نییە شەیتان هیوا دەخوازێت بە گومڕاکردنی مرۆڤ کە لێکدانەوەی موعتەزیلەکان بەم شێوەیە سەبارەت بەم فەرموودەیە، پێویستە مسوڵمان باوەڕی پێی هەبێت لەسەر هەقیقەتەکەی خۆی؛ ئەمیش مەزهەبی ئەهلی سونە وجەماعەتە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee